# نەوەی بیتی ئەمریکیی... بە تووڕەیی هاتنە نێو جیهان و گاڵتەیان بە هەمووان کرد

عەبدوللەتیف ویراری
لە عارەبییەوە: ڕەشید مەحموود

مێژووی شیعری نوێ و تەنانەت شیعری هەموو زەمەنەکانیش، نەوەیەکی هاوشێوەی نەوەی بیت، کە جیاواز و شایەن مشتومڕێکی زۆر بێت؛ بەخۆیەوە نەبینیوە. سەرەڕای گرینگی نەوەکانی تری شیعری نوێی ڕۆژاوا: نەوەی ئێکسپرێشنیزمی ئەڵمانیی، نەوەی فیوچەریزمی ڕووسیی، نەوەی سیمبولیزمی فەرەنسیی و نەوەی ٢٧ ئیسپانیی. بەڵام هێشتان بەراورد ناکرێن لەگەڵ نەوەی بیتی ئەمریکیی. لە شیعری عارەبییشدا دەکرێ ئاماژە بە نەوەی شەستەکانی عێراق بدەین، سەرەڕای ئەو جیاوازییەی دروستی کرد لە شیعری نوێی عارەبییدا. نەوەی بیتیش، ئەو تێگەیەی، کە یەکەم جار لە ساڵی ١٩٤٨ «جاک کیرواک» بەکاریهێنا بۆ وەسفکردنی هاوڕێکانی، ئەوانیش کۆمەڵێک شاعیر و نووسەری گەنج بوون، کە لە پەنجاکانی سەتەی بیستەمدا دەرکەوتن لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. چەندین پاڵنەر و هۆکاری هاوبەش بەیەکەوە بەستبوونیەوە، هەر لە ڕەخنەگرتن لە شتێکەوە، تا ئەو هەستە خۆوەکییەی بەیەکەوەی کۆکردبوونەوە، کە پێوەست بوو بە هونەر و خواستە نوێیەکانیان. شاعیرەکانی ئەم نەوەیە، بە تووڕەیی لە بەرانبەر ئەو واقیعەدا وەستانەوە، کە خۆیانیان لەنێودا دۆزیەوە، بەرەنگارییی ئەو ڕەچاوکردنە ناچارییەی، کە بۆ زەمان، تێگە (کۆنسێپت) و ڕێساکانی هەبوو، بوونەوە، ئەو چوارچێوە تەقلیدییەی ئەدەبی ئەورووپیی، کە لە دوای جەنگی دەەمی جیهانیی لە ئەمریکادا بەربڵاو بوو و جۆرییەتیی بیرکردنەوەی خەڵک، بەها درۆیینەکانیان و بابەتە ناڕاستەکانیان. کاتێک ئەم نەوەیە دەرکەوتن، خەڵک تێبینیی ئەم شیعرە نوێیە توندەی نەکرد لە زەمانێکی گەشەسەندووی وەک زەمانی ئەمریکیی. لەو کاتەوەی لۆرانس فرلینگیتی (ڕووناکییی شار)ی بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٥٥ لە فرانسیسکۆ، جاک کیرواک (لەسەر ڕێگە) لە ساڵی ١٩٥٧ و ولیەم بۆوروز (فراوینی ڕووت)یان بڵاوکردەوە لە ساڵی ١٩٥٩، لەو کاتەوەی ئالین گینسبێرگ بە (لوورە*)ـەکەی و بیرورا بوێریەکانی، کاریگەرییەکی ئاشکرا و بەربڵاوی لەسەر خوێندکارەکان دانا. ئەم نەوەیە، بە بابەتە نوێ و نامۆکانیان، تا ڕادەی ڕەتکردنەوە؛ سەرەنجی ئەوانی تریان بۆ لای خۆیان ڕادەکێشا. بابەتەکانیان پێوەست بوون بە: مۆسیقای جاز و بلوز، ماددە هۆشبەرەکانی هێرۆیین و ئەفیون، ئازادیی سێکس، ڕەتکردنەوەی ئابووریی، ئابڕووبردنی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئەمریکا، بەرگرییکردن لە ژینگە... پێشڕەوییی ئەم نەوەیە و سەرە ڕمەکەی ئالین گینسبێرگە (١٩٢٦-١٩٩٧). لەگەڵ جاک کیرواک، ولیەم بۆوروز، مایکل ماکلۆر، گریگۆری کۆرسۆ و فیلیپ ویلن نەوەی بیتیان پێکهێنا. ئالین گینسبێرگ لە شیعرەکانیدا، نیگەرانییە

بەردەوامیەکەی و ئاگاییە تیژ و بەرەنگاربوونەوەی لەگەڵ جیهان و شارستانییدا، ڕەنگی داوەتەوە، بە جۆرێکی تایبەت بەخۆی؛ ئیرۆتیکیی، ئێستاتیکیانە و ڕووحیەتێکی چەپەوە. دیوانە شیعرییەکەی (لوورە)، تەنیا بەڵگەیەک نییە لەسەر هۆشیاریی ئەم نەوە تووڕەیە، بەڵکو هەنگاوێکی ئەدەبیی و ڕۆشنبیریی بوو، کە سنووری چەندین وڵاتی بڕی. بە (هێزی گوڵ)یش دژی جەنگی ڤێتنام وەستایەوە، شکستی نەهێنا لە بەرگرییکردن لە ئازادیی و مێشکە کپکردووەکانی سەراپای جیهان و ڕەتکردنەوەی ئەمریکا بەهۆی سیاسەتە ئیمپریالیزمییەکەی، بەڵکو خۆی لێبێبەریی دەکات و هاواری بەسەردا دەکات:

«ئەمریکا هەموو شتێکم پێت بەخشیی و ئێستاش من هیچم
ئەمریکا دوو دۆلار و بیست و حەوت سەنت لە ١٧ ی کانوونی دووەمی ١٩٥٧.
ناتوانم لەسەرخۆم بم
ئەمریکا کەی کۆتایی بە جەنگی مرۆڤەکان دێنین؟
بڕۆ و بە بۆمبەکانت خۆت بگێ
ئاسوودە نیم و بێزارم مەکە
هۆنراوەکەم نانووسم تا نەیەمەوە سەرخۆم
ئەمریکا کەی دەبیتە فریشتەیی؟
کەی جلەکانت دادەکەنی؟
کەی لە گۆڕەکەتەوە لە خۆت دەڕوانی؟»

## ئەمریکا... ئەمریکا

ئەم هاوارکردنە بەرز و پڕ لە گاڵتەجاڕییە دووبارە دەبێتەوە لەلایەن شاعیرەکانی تری نەوەکە و ئەوانەی بە دوای ئەوانیشدا هاتن. ئەوەتا ئادریان میشێل بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانە درۆیەکانی ئەمریکا لەبارەی ڤێتنامەوە ئاشکرا دەکات. ئەوەتا ولیەم بۆورۆز (جەژنی سوپاسگوزاریی) دەقۆزێتەوە بۆ ئەوەی سوپاس بکات، بە سیمبولێکی ئەلیگۆریانەی تاڵ و پڕ لە سوکایەتیی، ئەمریکا هێندە خزمەتگوزاریی بۆ جەژنە ئایینییەکان دابین ناکات، بە قەد هەژاندنی خەونەکانی، ئابڕووی درۆ و نەوسنییە ڕووپۆشکراوەکەی بە... :

(سوپاس بۆ کەڵەشێرە کێوییە حەبەشییەکە
بۆ ئەو کۆترە کۆچەرییەش، کە لە سەری نووسراوە، با لەگەڵ گوو لەنێو هەناوە تەندروستەکانی ئەمریکادا بڕواتە دەرێ
سوپاس بۆ ئەو کیشوەرەی، کە هانی تالانیی و ژەهراوییبوون دەدات (...)
سوپاس بۆ خەونی ئەمریکا لەپێناو چەپەڵیی و ساختەکاریی تا درۆ ڕووتەکان رەونەقتر

سوپاس بۆ «کی کی کی « بۆ پیاوانی یاسا، کە ڕەشپێستەکان دەکوژن و دەست لە درزی برینەکانیان دەدەن)

خوان کایگەرییش گاڵتە بە ئەمریکا دەکات لە (خەوتن لەگەڵ بی بی سی) لەوەی، کە جەنگ دژی جیهان بەرپا دەکات و ئازادییشی دەوێت، حکومەتەکەشی ڕاوێژ بە خەڵکەکەی ناکات، بەڵام لە میدیادا ڕووخساری خۆی جوان دەردەخات:

(هیچ نەبێت
ئاوازێکی جوانیان بەخشی
کاتێک لەبارەی بۆمبەکانەوە دەدوێن
هیچ نەبێت
لادانێکی کەمیان لە دەنگ بەخشی
کاتێک وشەی «بۆش» بەکاردێنن
کاتێک ئەم شوێنە جێدەهێڵین
چەند شتومەکمان پێویستە لەگەڵ خۆمانیان ببەین؟)

لەلایەن جاک میشلینیشەوە کار دەگاتە ئەوەی، کە بەو شەیتانەی چەرخی جیهان دەخولێنێتەوە بە کڵاوێکی گەورەوە ناوی دێنێت، کە لە هەڵخەڵەتاندن و کوشتن ناکەوێت. لۆرانس فیرلینگیتیش ئەلیگۆریەکی بۆ دادەنێت، ماسکی (سەگ)ێک، کە بەسەر شەقامەکاندا ڕێ دەکات، لەگەڵیدا ساختەیی شارستانیەتی ئەمریکییمان بۆ دەردەکەوێت:

(سەگێکی زیندوو
لەپێناو دیموکراسییدا دەحەپێنێت
بەشداریی دەکات لە پرۆژە ڕاستەقینەکانی ئازادیی
بە شتێک، کە لە بارەی بوونەوە دەیڵێت
شتێک دەڵێت
لەبارەی واقیع
چۆنیەتیی بینینی
چۆنیەتیی گوێگرتن لێی
بە سەرەکەی بەم لاو بەو لادا دەڕوات
لە گۆشەی شەقامەکاندا).

لە یازدەی سێپتێمبەری ٢٠٠١، کاتێک لە باڵاخانە بازرگانییەکە دەدرێت، ئەمیری بەرەکە لە هۆنراوەکەیدا (کەسێک ئەمریکای تەقاندەوە)دا ئەو گێڕانەوە باوانە ڕەتدەکاتەوە و لە ژێر کاریگەرییان دەردەچێت، بە درێژایی هۆنراوەکەیشی پرسیار ئاڕاستەی بلیمەتیی ئیمپریالیزم دەکات:

(کێ لەسەر وۆڵ ستریتدا دەژێت؟
کێڵگەی یەکەم
کێ هۆشی بردووی
کێ دەستدرێژیی دەکاتە سەر دایکت
کێ باوکتی کوشت
کێ قەترانی هەیە
کێ پەڕی پەلەوەری هەیە
کێ دەنکە شقارتەی هەیە
کێ ئاگرەکەی هەڵکرد
کێ بوو کە کوشتی و دامەزرا
کێیە دەڵێ من خودامە و هێشتانیش شەیتانە؟)

بە ئاوازێکی تۆمەتبارکردنیش بەردەوام دەبێت:

(کێ بوو دەیزانی، کە باڵاخانەکە دەتەقێتەوە
کێ بوو بە چوار هەزار کرێکاری ئیسرائیلیی گوت
کە لەو ڕۆژەدا لە ماڵەکانیان بمێننەوە
بۆچی لە شارۆنەوە دوور بوو؟

بە بڕوای ئەو، ئەمریکا پارە بە جەنگ، تۆقاندن و درۆکانی پەیدا دەکات، دەیهەوێت جیهان هەروا لەژێر چنگە ئیمپریالیزمییەکەی بمێنێتەوە.
پاش ڕووداوە ئابڕووبەرەکەی زیندانی ئەبوغرێب، دوای داگیرکارییی ئەمریکا و کاتێک ویژدانی مرۆڤایەتیی جووڵا، نیلی شیرکۆڤسکی هۆنراوەکەی لەژێر کاریگەریی ئەو شۆکبوون و هەستی تۆقاندنەدا دەنووسێت:
(ئەم هۆنراوەیەم لە ئەمریکادا داهێنا لەو ڕۆژەی
کە بینیمان سەربازێکی ژن چی بە پیاوێکی عێراقیی دەکات
کە ڕووتیان کردووەتەوە وەک بڵێی سەگ بێت
تەنیا لەبەر ئەوەی چەکی ڕووخێنەری هەیە
چاوی ئەمریکییەکانیان گریاند
هاوار دەکەم لە پێناو شیعری عێراقیی
لەپێناو شکۆی عێراقیی و لەپێناو ویستی گەلی عێراقیی
لە ژیانیدا، لە مێژووە قووڵەکەیدا
چاوە سادەکان هەموو شتێک دەبینن
ئەمریکای ئێمە بۆ کوێ ڕۆیشت؟).

# جاز، ئەفیون و مانگ

ئەم شاعیرانە لە ڕەخنەکردن لە وڵاتەکەیان ئەمریکا «ئیمپریالیزم»، پەردەیان لادا لەسەر ئەخلاقییەتە باوەکەی نووسین و زیاتر بەرەو لای مرۆڤ، ژینگە، جوانیی و خۆشەویستییدا ڕۆیشتن. هەروەک لەلای دیان دی بریما لەو نامانەی، کە بۆ شۆڕشی نووسیبوون لە پێناو مرۆڤ و ئازادییدا:

(ئاسوودە نابین
تا ئەوکاتەی دەبینین مرۆڤ بە بوێریی و ئازادیی بەسەر ئەم زەویەدا هەنگاو دەنێت هەر یەکە و بە ڕێگە تایبەتییەکەی خۆی).

یانیش لای مایکل ماکلۆر بۆ سەرخستی ژینگە، ڕەخنە لە سیستێمی سیاسیی « کۆمۆنیزم، سەرمایەداریی، سۆشیالیزم» دەگرێت، کە نەیانتوانیوە پارێزگاریی لە پێشکەوتنی ژیاندا بکەن، ئاماژە بە وێرانکارییەکانی سیاسەت دەدات:

(با دەست هەڵبگرین! با دەست هەڵبگرین
لەم کوشتنە نا کۆتاییە بە ئامێری سیاسەت
هەرچیمان لە دەست دێت با بیکەین
بۆ وەستاندنی ئەو کوێرەوەرییە بێسوودە).

لە شیعرەکانیدا زیاتر گرینگیی بە ژینگەیەکی سروشتیی دەدات، بە تایبەتییش ئاژەڵەکان، کە لەلایان مرۆڤەکانەوە زۆر بە کەمیی باسی لێوە دەکرێت. لە بەرانبەر ئەوەشدا، بەهۆی سەختیی ژیانیان، کەوتنە ژێر ڕکێفی ماددەی هۆشبەر، مۆسیقای جاز و بلوز، زۆربەی شاعیرەکانی ئەم نەوەیە نەک تەنیا هیچ گرینگییەکیان بە ئەخلاق و بەهاکانی کۆمەڵگە نەدا، بەڵکو بە شێوەیەکی گاڵتەجاڕانەش ڕەتیان دەکردەوە. لە پێشەوەی هەمووشیان جاک کیرواک، کە مودمینی ماددەی هۆشبەر و خواردنەوەی کحول بووبوو، تا بە هۆی خوێنبەربوونەوە مرد. بەڵام شێوازێکی تایبەت بەخۆی داهێنا، کە لە کەشە ڕووحانییەکەی کاسۆلیکیی، مۆسیقای جاز و ئایینی بوودیی سروشی وەرگرتبوو:

(ئەمڕۆ دڵتەنگیی، بەیانی دڵخۆش: ئەمڕۆ دڵتەنگیی، بەیانی سەرخۆش:
بۆچی زۆر توورە دەبم؟
هەموو کەسێک کێماسییەکی خۆی هەیە وەک من
کەواتە بۆچی بەردەوام خۆم سەرزەنشت دەکەم؟
ئەمە هەستێکە تەنیا بۆ ئەوە هاتووە تا بڕوات
هەموو شتێک دێت و دەڕوات. سوودی چییە؟
جەنگەکان تا هەتایە نامێننەوە
شێوە جوانەکانیش دەڕۆن).

لە زۆر سەردەمی جیاوازی ژیانیدا، چەند ماددەیەکی بەکاردەهێنا، کە ئەفیونیان تێدا بووە، مودمینی هێرۆیینیش بوو، چەندین ساڵ لە کێشمەکێش دابوو لەگەڵ مودمینییەکەی. جاک میشلین پێوەست بوو بە مۆسیقای جاز و بلوز. بە هەژاریی لەنێو کۆمەڵگەدا دەژیا. لەبارەی قەحپە، ئەوانەی مودمینی ماددە بێهۆشکارەکانن، کرێکار و بێنەوایانی دەنووسیی. ڕیچارد براتیگانیش تووشی شیزۆفینیا و خەمۆکیی بوو، بە مردوویی لە ماڵەکەی دۆزرایەوە. هەروەها گریگۆری کۆرسۆ، کە وەک منداڵێکی بێسەرپەرشتیار ژیا و تووشی ئازارێکی زۆری دەروونیی و چەوسانەوە بوو. ئەویان زیاتر بێڕێز بوو بەرانبەر ژیان، بەهاکانی خۆشەویستیی و هاوسەرگریی. باڵادەستیش بوو لەوەی نوکتە و ڕەخنەی جددی تێکەڵ بکات:

(بە ڕاکردن ڕۆیشتمە ژوورە بچووکە ئامادەکراوەکەم
شەش پیپلیکان
پەنجەرەکەم واڵا کرد
دەستم کرد بە فڕێدانی ئەو شتانەی، کە زۆر گرینگن لە ژیان).

فیلیپ لامانتیاش بە شێوەیکی سوریالیی دەنووسێت:

(لە بارەکە حەشیشی هیندیی دەکێشم لەگەڵ سواڵکارێک، کە لە مەسیح دەچێت
هێرۆیین دەرگەیەکە، کە هەمیشە ژنە سپیپێستەکان دەیکەنەوە
یەکەمین خیانەت، کە کردم هاتنە بوون بوو
لەگەڵ زودیاک لە جەنگدام
کوێرەوەرییەکانم وەک ئاگر بە ڕێگەوەن بەرەو دەرەوە
ئای! وێنای جیهانێکی نوێ بکە
ڕووح هەڵمژینم حەقیقەتێکە).

بۆب کۆفمانیش لە نیویۆرک، ژیانێکی هەژارانەی بە مودمینیی و زیندان بەسەربرد. کاریگەر بوو بە سوریالیزم، مۆسیقای جاز و سروشی لێیان وەردەگرت بۆ نووسین و لە قاوەخانەکانیش دەیخوێندنەوە:

(با بڕوات بە دەنگ هاوتا بێت لەگەڵ مۆسیقای جاز
ئەو شەو کەرت دەکات بۆ پارچەی تێکاڵاو، دواتر دەیگەڕێنێتەوە سەر شێوە ئاساییەکەی
بە شێوەیەکی ژیربێژیی جوان
نەک وەک چاودێری نەخۆشەکان
ئەوانەی بۆمبیان دروست کرد).

**پەراوێز:**

*** خوێنەر دەتوانێت لە ژمارە شەشی گۆڤاری شیعر، خوێنەری «لووره« بێت، لە وەرگێڕانی ماردین ئیبراهیم.**

**سەرچاوە:**

**سەرچاوە و نێونیشانی بابەتەکە بە زمانی عارەبیی:**

١. http://www.alquds.co.uk/?p=*599621*

٢. **جيل البيت الأمريكي… جاء إلى العالم غاضبا وسخر من الجميع! عبد اللطيف الوراري**

***